## بوون بە شایەت

# چوون بۆ دادگا

**کتێبۆکەیەکە بۆ شایەتە باڵغەکان لە ڕەوتەکانی گوێگرتن لە کەیسەکانی پێوەندار بە تاوانباران و منداڵان لە دادگادا**

safer
scotland
SCOTTISH GOVERNMENT

**چوون بۆ دادگا**

**کتێبۆکه یه که بۆ شایه ته بالغه کان له ره وته کانی گوێگرتن له که یسه کانی تاوانباران و مندالان له دادگادا.**

**ئه م وێنانه ی له م کتێبۆکه یه دا که لکیان لێوه رگیراوه له سی دییه کی حکوومه تی سکۆتله ندی به ناوی 'بوون به شایه ت' وه رگیراون - ئه م سی دییه بریتییه له رێنمایه ك بۆ شایه تانی مندال و بالغانی ژێرمه ترسی.**

**سوپاسێکی تایبه ت بۆ هه موو ئه و لایه نانه ی به شدارییان له م کاره دا کردوه .**

# ناوەڕۆك

| | |
|---|---|
| پێشه کی | 2 |
| شایه ت چیه ؟ | 3 |
| وه‌کو شایه تێك چ پشتگیری و یارمه تییه کت بۆ ده‌سته به ر ده‌کرێت | 5 |
| سه ردان به مه به ستی خۆئاشناکردن له گه ڵ دادگا | 10 |
| دادگا و ره‌وته کانی دادگا | 11 |
| چ که سانێك له  هۆڵی دادگا ده‌بن و کاریان چییه ؟ | 13 |
| که یسی دادگا چۆن ئاماده  ده‌کرێت | 17 |
| رێکه وتی دادگا | 19 |
| خۆئاماده‌کردن بۆ دادگا – پێویسته  چی بکه یت | 20 |
| رۆژی که یسی دادگا | 22 |
| چاوه‌ڕوانی کردن | 23 |
| ناسینه وه | 25 |
| راگه یاندنی ده‌ستاوێژت | 26 |
| له پاش ئه وه‌ی ده‌ستاوێژی خۆت راده‌گه یاند | 30 |
| کۆتایی که یسی دادگا | 31 |
| یارمه تی تری | 33 |
| هه ر پرسیار یان تێبینیه کی تر | 35 |
| ئه و شتانه ی پێویسته  له بیرنه کرێن | 36 |
| چه ند ناو و ژماره  ته له فۆنی به فازانج | 37 |
| فه رهه نگۆك | 38 |

# پێشه‌کی

ئه‌م کتێبۆکه‌یه بۆ ئه‌و شایه‌ته باڵغانه‌یه که له‌وانه‌یه بانگ بکرێن بۆ ئه‌وه‌ی له که‌یسێکی دادگادا ده‌ستاوێژی خۆیان رابگه‌یێنن.

له که‌یسێکی تاوانبارانه له دادگادا، شایه‌ته‌کان ده‌توانن زانیاری زۆر گرنگ سه‌باره‌ت به تاوانێك که له‌وانه‌یه رووی دابێت ده‌سته‌به‌ر بکه‌ن.

له حاڵه‌تی گوێگرتن له که‌یسی منداڵان له دادگادا، شایه‌ته‌کان له‌وانه‌یه زانیاریی گرنگیان سه‌باره‌ت به خێروبێری منداڵێکه‌وه هه‌بێت.

ئه‌نجامدانی کارێك بۆ یه‌که‌م جار بۆ هیچ که‌سێك هاسان نییه و تۆش له‌وانه‌یه سه‌باره‌ت به بوون به شایه‌تێك له دادگادا تووشی دڵه‌ڕاوکه بیت.

مه‌به‌ست له‌م کتێبۆکه‌یه وه‌ڵامدانه‌وه‌ی هه‌ندێك له‌و پرسیارانه‌یه که له‌وانه‌یه له خۆتیان بکه‌یت و یارمه‌تیت ده‌دات له‌وه تێبگه‌یت که له دادگا چی روو ده‌دات.

ئه‌م کتێبۆکه‌یه هه‌روه‌ها پێت ده‌ڵێ چ که‌سێك ده‌توانێ یارمه‌تیت بدات و وه‌کو شایه‌تێك ده‌ستت به چ جۆره پشتگیرییه‌ك راده‌گات.

فه‌رهه‌نگۆکێك بۆ شیکردنه‌وه‌ی هه‌ندێك له‌و وشانه‌ی که له ره‌وته‌کانی دادگا به‌کار ده‌هێنرێن له کۆتایی ئه‌م کتێبۆکه‌یه‌دا ده‌سته‌به‌ر کراوه.

# شایه‌ت چییه؟

بوون به شایه‌ت شتێکی زۆر گرنگه، جا چ له که‌یسێکی تاوانبارانه له دادگا یان له گوێگرتن له که‌یسی منداڵان له دادگا بێت.

ئه‌گه‌ر شایه‌ت بیت، ئه‌مه به‌و واتایه‌یه که تۆ:

- قوربانیی تاوانێك بوویت؛
- له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ تاوانێکدا شتێکت دیتوه یان بیستوه؛
- سه‌باره‌ت به که‌سێك که به کردنی تاوانێك تۆمه‌تبار کراوه زانیاریت هه‌یه؛ یان
- به شێوه‌یه‌کی راسته‌وخۆ یان ناڕاسته‌وخۆ به‌شداریت له که‌یسی گوێگرتن له که‌یسی منداڵاندا هه‌یه.

شایه‌ت له رێگه‌ی ده‌سته‌به‌ر کردنی زانیاری به دادگا رۆڵێکی سه‌ره‌کی ده‌گێڕێت. ئه‌م زانیارییه به ده‌ستاوێژی شایه‌ته ده‌ناسرێت. دادگاکان پێویستییان به شایه‌ت هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ستاوێژی خۆیان رابگه‌یێنن و ئه‌وانیش بتوانن به‌ته‌واوی له‌و شته‌ی رووی داوه ئاگاداربن و بتوانن حوکم یان بڕیارێك بده‌ن.

**چوون بۆ دادگا**

**له وانه یه له رێگه ی ئه و ئیفاده یه ی كه به پۆلیس یان به پارێزه رێكت داوه هه ندێك زانیاریت راگه یاندبێت.**

**سێ كه سی جیاواز هه ن كه له وانه یه داوات لێ بكه ن (یان فه رمانت پێ بده ن) وه كو شایه تێك له دادگا ئاماده بیت:**

- **دادوه ری گشتی (كه به فیسكال یان پارێزه ری دادئه ستێنیش ناسراوه )**
- **پارێزه ر یان یاساناسی تر**
- **هه واڵنێری پانێڵی منداڵان.**

**بوون به شایه ت شتێكی زۆر گرنگه . راستیی ئه و شتانه ی ده یزانیت به دادگا ده ڵێیت.**

**دادگا به بێ یارمه تی شایه تانی وه كو تۆ ناتوانێ به باشی كار بكات.**

# وەکو شایەتێك چ پشتگیری و یارمەتییەکت بۆ دەستەبەر دەکرێت؟

ژمارەیەکی زۆر خەڵك یان رێکخراوە هەن کە دەتوانن سەبارەت بە رەوتی دادگا و ئامادەکارییەکانی پشتگیری زانیاریت پێ بدەن بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن باشتر خۆت بۆ راگەیاندنی دەستاوێژت ئامادە بکەیت.

لەوانەیە یارمەتیت بدات ئەگەر ئەندامێکی خێزان یان هەوالێکت لەگەڵ خۆت بەریتە دادگا. خەڵکانێکی زۆری تریش هەن کە دەتوانن یارمەتیت بدەن:

- **پشتگیری لە قوربانیان لە سکۆتلەندا (VSS):** فەرمانبەران و کەسانی خۆبەخش لە کۆمەڵگەی ناوچەیی دەتوانن یارمەتی قوربانیان و خێزانەکانیان و هەروەها هەندێك لە شایەتەکان بدەن، تەنانەت ئەگەر کەیسی دادگاش لە ئارادا نەبێت. ئەوان دەتوانن بێن و لە ماڵەوە سەرت لێ بدەن یاخۆ دەتوانن لە نووسینگەی ناوچەیی VSS دا چاویان پێت بکەویت. ئەگەر کەیسەکە ببرێتە دادگا، VSS لە نزیکەوە لەگەڵ خزمەتگوزاری شایەتەکاندا کار دەکات کە لەناو دادگادان.
- **خزمەتگوزاریی شایەتەکان:** ئەمە خزمەتگوزارییەکە لەلایەن پشتگیری لە قوربانیان لە سکۆتلەندا لە هەموو دادگایەکی باڵا و دادگایەکی شێریف لە سکۆتلەندا دەستەبەر کراوە. کارمەندان و کەسانی خۆبەخش لەوێن بۆ دەستەبەرکردنی یارمەتی و پشتگیری بۆ هەموو شایەتەکان و خێزانەکانیان لەکاتی ئامادەبوونیان لە دادگا، ئەو کەسانەی وا پێوەندییان بە کەیسەکانی تاوانبارییەوە هەیە. لەوانەیە بەتەلەفۆن قسەت لەگەڵ کەسێك لە خزمەتگوزاریی شایەتەکان کردبێت یاخۆ پێش ئەوەی کەیسەکە دەست پێ بکات لەکاتی سەردانت بۆ دادگا چاوت پێی کەوتبێت.

**چوون بۆ دادگا**

- **پۆلیس:** ئه گه ر ئیفاده یه کت به پۆلیس داوه، ئه وان له وانه یه بتوانن یارمه تیت بده ن بزانیت چی روو ده دات و هه روه ها هه وڵ ده ده ن وه ڵامی پرسیاره کانیشت بده نه وه. پۆلیس له هه موو دادگاکاندا ئاماده ده بێ به مه به ستی پاراستنی سه لامه تی خه ڵك و هه موو جۆره هه وڵێك بۆ تۆقاندنی شایه ته كان به جیددی وه رده گرێت.

- **دادوه ری گشتی:** ئه گه ر بڕیاره دادگایه ك له ئارادابێت و دادوه ری گشتی بڕیار بدات تۆش وه كو شایه تێك له دادگا ئاماده بیت، ئه وان نامه یه كت سه باره ت به كه یسی دادگا بۆ ده نێرن و هه روه ها نامیلكه یه كیشت بۆ ره وانه ده كه ن كه تێیدا ئه و شتانه ی روو ده ده ن شی ده كرێنه وه. له هه ندێك حاڵه تدا، له وانه یه كاتێك دادوه ری گشتی چه ند پرسیارێكی سه باره ت به ده ستاوێژه كه تی لێ پرسیوی، له گه ڵ ئه و قسه ت كردبێت.

- **زانیاری و ئامۆژگاری بۆ قوربانیان (VIA) :** چه ند كه سێك له لایه ن VIA وه بۆ دادوه ری گشتی كار ده كه ن به مه به ستی ده سته به ركردنی زانیاری و ئامۆژگاری به زۆربه ی قوربانیانی تاوان و هه روه ها هه ندێك شایه تانی دادئه ستێنی له حاڵه تی جیاجیادا. ته نیا دادوه ری گشتی ده توانێ كه سێك حه واڵه ی VIA بكات. ئه گه ر VIA ده ستی له كه یسه كه ی تۆدا هه بێت، له وانه یه نامه یه ك و چه ند نامیلكه یه كت سه باره ت به ره وتی دادگا بۆ ناردبێت و هه وڵ ده دات وه ڵامی پرسیاره كانت سه باره ت به و شته ی روو ده دات بداته وه.

- **پارێزه ر:** ئه گه ر پارێزه رێكی پاراستن داوات لێبكات وه كو شایه تێك له دادگا ئاماده بیت، پێویسته سه باره ت به ره وتی دادگا پرسیاری لێ بكه یت. ئه و وه ڵامی پرسیاره كانت ده داته وه و پشتگیریی پێویستیشت بۆ ده سته به ر ده كات.

- **هه واڵنێری منداڵان:** كاتێك هه واڵنێرانی منداڵان داوایان لێكردوویت وه كو شایه تێك له دادگا ئاماده بیت له وانه یه قسه ت له گه ڵ كردبن. ئه وان وه ڵامی پرسیاره كانت ده ده نه وه و پشتگیریی پێویستیشت بۆ ده سته به ر ده كه ن.

- **یارمه تیده ری كۆمه ڵایه تی (سۆشیاڵ وۆركر):** یارمه تیده رانی كۆمه ڵایه تی یارمه تی ئه و كه سانه ده ده ن كه پێویستیان به پشتگیرییه كی زیاتر یان چاودێری هه یه. له وانه یه پێوه ندیت به یارمه تیده ری كۆمه ڵایه تیه وه كردبێت و ئه وان گوێت لێده گرن و هه وڵ ده ده ن ئه و پشتگیرییه ی پێویستیت پێی هه یه بۆت ده سته به ر بكه ن.

**چوون بۆ دادگا**

- **رێکخراوەی دڵخوازانە** : لەوانەیە پێوەندیت بە رێکخراوێکی تری پشتگیری کردبێت، وەکو یارمەتی ژنانی سکۆتلەندی، قەیرانی هەتک کران، نیگەرانی تەمەن، و هتد.

زۆرجار بۆت بە قازانج دەبێت قسە لەگەڵ یەکێك بکەیت کە دەزانێ وەکو شایەتێك چیت لێ چاوەڕوان دەکرێت و لە پرۆسەکانی دادگاش تێدەگات.

**تکایە بۆ نووسینی ناو و ژمارە تەلەفۆنەکانی پێوەندی ئەو کەس و نووسینگانەی کە راستەوخۆ یارمەتیت دەدەن کەڵك لە لاپەڕەی پشت ئەم کتێبۆکەیە وەربگرە.**

ئەوانەش چەند شتێکی ترن کە لەوانەیە لێیان نیگەران بیت:

**ئایا چاوم بە کەسی تاوانبارکراو یان لایەنە بەشدارەکانی تری کەیسەکە دەکەوێت؟**

لە کەیسە تاوانبارییەکاندا، ئەگەر زۆر لەوە نیگەرانیت کە بچیتە ناو باڵەخانەی دادگا یان لەگەڵ کەسێکی تر لە شوێنی چاوەڕوانی دابیت، لەوانەیە بکرێت کەسێك لە باڵەخانەی دادگا چاوی پێت بکەوێت.

خزمەتگوزاریی شایەتان، فەرمانبەرێکی دادگا یان کەسێکی سەر بە VIA لەوانەیە بتوانن ئەم کارەت بۆ رێك بخەن. هەروەها لەوانەیە بتوانیت دوور لە شایەتەکانی تر لە ژوورێکی تر چاوەڕوان بیت. بەڵام، ناتوانین گەرەنتی ئەوەت پێ بدەین کە چاوت بە کەسانی تری بەشدار لە کەیسەکەدا ناکەوێت.

لە گوێگرتن لە کەیسەکانی منداڵاندا، هەواڵنێری منداڵان بەوردی سەرنج دەداتە هۆیەکانی نیگەرانی شایەت و بەگوێرەی پێویست کەڵك لە ژوورێکی چاوەڕوانی تر وەردەگرێت بۆ ئەوەی شایەت دوور لە کەسانی تری بەشدار لە کەیسەکە بێت.

**ئایا خەڵك دەتوانن گوێ لە قسەکانی من بگرن؟**

لە کەیسە تاوانبارییەکاندا، دادگا بە شێوەیەکی ئاسایی ئاوەڵا دەمێنێتەوە و هەموو کەسێك دەتوانێ لە شوێنی تایبەت لە پشت هۆڵی دادگا دابنیشێت و گوێ لە و دەستاوێژانە بگرێت کە بە داداگا دەدرێن، لە حاڵە تێکدا نەبێت کە چەند شایەتێك هەبن کە هێشتا دەستاوێژی خۆیان رانەگەیاندبێت.

بەڵام بە شێوەیەکی ئاسایی داوا لە دادگا دەکرێت کاتێك قوربانییەکی دەستدرێژی نامووسی دەستاوێژی خۆی رادەگەیێنێت دەرگاکان لەسەر خەڵکی ئاسایی دابخات. هەروەها دەکرێت بیر لە داخستنی دەرگای دادگا بۆ شایەتیدانی شایەتەکانی تر بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر بزاندرێت شایەتێك لە ژێر مەترسی تۆقاندن دایە یان ئەگەر شایەتیی شایەتێك زۆر دژوار و خەفەتهێنەر بێت.

لە گوێگرتن لە کەیسەکانی منداڵاندا، هەندێك خەڵکی پێوەندار بە کەیسەکە مافی ئامادەبوون لە دادگایان دەبێت. کەسانی تر تەنیا بە رەزامەندی شێریف دەتوانن لە دادگا ئامادە بن.

پێویستە هەمیشە پۆلیس یان فەرمانبەرانی دادگا لە هەموو جۆرە تۆقاندنێك — لە پێش یان لە ماوەی کەیسی دادگا — ئاگادار بکەیت.

**چی دەبێت ئەگەر ئینگلیزی زمانی یەکەمم نەبێت؟**

ئەگەر ئینگلیزی زمانی یەکەمت (زمانی زکماکی) نییە لەوانەیە پێویستیت بە وەرگێرێك هەبێت. لەوانەیە نەختێك ئینگلیزی بزانیت بەڵام هێشتا بە باشی لە هەموو وشەکان تێنەگەیت. ئەو کەسەی کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت دەتوانێ کارەکانی پێویست بۆ وەرگرتنی یارمەتی لە وەرگێرێکت بۆ رێك بخات. ئەوان لەگەڵ دادگا کار دەکەن و تۆش لە ماوەی دادگا یان رەوتەکاتی تری دادگادا یارمەتیان لێوەردەگریت.

**چی دەبێت ئەگەر کەمئەندام بم؟**

ئەگەر کەمئەندامیت، ئاستەنگی پێوەندی کردنت هەیە یان هەر جۆرە پێداویستییەکی ترت هەیە، پێویستە ئەو کەسە ئاگادار بکەیت کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت (ئەو کەسەی کە بانگی کردوویت بچیتە دادگا). زۆربەی دادگاکان بە شێوەیەکی ئاسایی دەرەتانی پێویست بۆ یارمەتی کەسانی کەمئەندام دەستەبەر دەکەن. زۆربەی دادگاکان رێگەی هاتوچۆی کورسی چەرخداریان هەیە و "سیستەمی گوێبیسیش" یان بۆ ئەو کەسانە هەیە کە گوێیان گرانە و بە باشی نابیسن.

**چوون بۆ دادگا**

گرنگه ئه‌و که‌سه‌ی داوای لێکردوویت وه‌کو شایه‌ت له دادگا ئاماده بیت له هه‌ر شتێك که لێت روون نییه ئاگادار بکه‌یته‌وه یان ئه‌گه‌ر پێداویستی یان نیگه‌رانییه‌کی ترت هه‌یه په‌یوه‌ندی پێوه بکه‌یت.

**دادگا له‌وانه‌یه بێته سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه که هه‌ندێك له شایه‌ته‌کان زیاتر له ژێر مه‌ترسی دان ئه‌گه‌ر ئاڵۆزی باری ده‌روونی یان ترس و دڵه‌راوکه یان له ئه‌نجامی راگه‌یاندنی ده‌ستاوێژه‌که یان کاردانه‌وه‌ی له‌سه‌ر جۆری ده‌ستاوێژیان دابنێت.**

**ئاڵۆزی باری ده‌روونی ده‌توانێ نه‌خۆشی زه‌ینی و مێشك یان که‌مئه‌ندامه‌تی فێربوونت بێت. ترس یان دڵه‌ڕاوکێ ده‌توانێ هۆکاری جیاوازیان هه‌بێت.**

**ئه‌گه‌ر پێت وایه له‌وانه‌یه شایه‌تێکی ژێرمه‌ترسی بیت، پێویسته له‌گه‌ڵ ئه‌و که‌سه‌ی داوای لێکردوویت وه‌کو شایه‌ت له دادگا ئاماده بیت قسه بکه‌یت (دادوه‌ری گشتی، هه‌واڵنێری منداڵان یان پارێزه‌ر). ئه‌وان سه‌باره‌ت به بارودۆخت قسه‌ت له‌گه‌ڵ ده‌که‌ن و باسی ئه‌وه‌شت له‌گه‌ڵ ده‌که‌ن که ئایا گونجاوه داواکارییه‌ك ئاراسته‌ی دادگا بکه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی که‌ڵك له رێ و شوێنه تایبه‌ته‌کان وه‌ربگریت و ده‌ستاوێژی خۆت رابگه‌یێنیت.**

**ئه‌وان زانیاریی زیاترت سه‌باره‌ت به‌و شتانه پێده‌ده‌ن که دادگا پێویسته سه‌رنجیان لێ بدات و ده‌توانن کتێبۆکه‌یه‌کی ترت پێ بده‌ن که تایبه‌ته به‌و شایه‌تانه‌ی ژێرمه‌ترسی به‌ناوی 'بوون به شایه‌ت – که‌ڵك وه‌رگرتن له رێ و شوێنه تایبه‌ته‌کان'.**

# سه ردان به مه به ستی خۆئاشناکردن له گه ڵ دادگا

زوربه ی ئه و خه ڵکانه ی پێشه کی سه ردانی دادگا ده که ن ده زانن ده بێ چاوه ڕوانی چی بن و هه ستێکی باشتریان سه باره ت به شایه تیدان له دادگا ده بێت.

ئه م جۆره سه ردانانه زۆر جار له لایه ن VIA ، هه واڵنێری منداڵان یان پارێزه ری پاراستنه وه رێك ده خرێن.

خزمه تگوزاریی شایه ته کان به شێوه یه کی ئاسایی سه ردانه کانی خه ڵك به مه به ستی ئاشنابوون به دادگا و هه موو شوێنێکی تر که به پێوه ندیی ته له فزیۆنییه وه لکێنراون رێك ده خات بۆ ئه وه ی ئه و شایه ته نیگه رانانه ی که ده بێ به شداری له که یسه کانی تاوانبارانه دا بکه ن باشتر له گه ڵ رێ و شوێن و ره وته کانی دادگا ئاشنا بن. رێکخراوه کانی تری پشتگیریش له وانه یه له م باره یه وه یارمه تیت بده ن.

له وانه یه پێت باشتر بێت سه یری وێنه کانی دادگا له سه ر سی دییه ك بکه یت که زانیاری سه باره ت به رێ و شوێنه تایبه ته کان بۆ ئه و شایه تانه ی ژێر مه ترسی ، تێدایه و شێوه ی به کارهێنانیشیان روون ده کاته وه .

ده توانی داوای ئه م سی دییه له و که سه بکه یت که داوای لێکردوویت وه کو شایه ت له دادگا ئاماده بیت و سه باره ت به رێکخستنی سه ردانت بۆ دادگا قسه ی له گه ڵ بکه یت.

# دادگا و ره‌وته‌کانی دادگا

دادگاکان له سه‌رانسه‌ری سکۆتله‌ندا هه‌ن و مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ که‌یسی جۆراوجۆردا ده‌که‌ن.

**ره‌وته‌کانی دادگای تاوانباران:**

- **ره‌وته سامناکه‌کان**
  بریتین له که‌یسه هه‌ره جیددییه‌کانی تاوانباران که ده‌سته‌ی جووری (لێژنه‌ی دادوه‌ری عادڵانه) سه‌باره‌ت به‌و حوکمه‌ی پێویسته به‌سه‌ر تاوانباراندا بسه‌پێنرێت بڕیار ده‌دات. ئه‌م که‌یسانه ده‌توانێ له دادگایه‌کی باڵا یان له دادگایه‌کی شێریف به‌ڕێوه بچن.

- **ره‌وته خێراکان**
  بریتین له‌و که‌یسه تاوانباریانه‌ی ده‌سته‌ی جووری بڕیاریان له‌سه‌ر نادات. شێریف یان دادڕه‌س (مه‌جیستره‌یت) بڕیار له‌سه‌ر که‌یسه‌که ده‌دات. ئه‌م که‌یسانه ده‌کرێت له دادگای شێریف یان دادگای دیستریکت (ناوچه‌یی) به‌ڕێوه بچن.

له هه‌موو که‌یسه‌کانی تاوانباریدا، دادوه‌ر، یان ده‌سته‌ی جووری، ئه‌گه‌ر هه‌بێت، گوێ له ده‌ستاوێژه‌کان ده‌گرن و ده‌گه‌نه بڕیارێك که ئایا که‌سی تۆمه‌تبارکراو به تاوانبار ده‌زانن یان نا. ئه‌گه‌ر که‌سی تۆمه‌تبارکراو به تاوانبار بناسرێت، ئه‌وا دادوه‌ر، شێریف یان دادڕه‌س سه‌باره‌ت به‌و حوکم یان سزایه‌ی که پێویسته به که‌سی تاوانبار بدرێت بڕیار ده‌ده‌ن.

**چوون بۆ دادگا**

دەتوانی بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە رەوتەکانی دادگا سەیری نامیلکەکانی VIA بکەیت (بڕوانە www.crownoffice.gov.uk) یان دەتوانی داوای زانیاریی زیاتر لەو کەسە بکەیت کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت.

**رەوتەکانی گوێگرتن لە کەیسی منداڵان**

ئەم رەوتانە بە شێوەیەکی زۆر نافەرمیتر لە رەوتەکانی تری دادگا بەڕێوە دەچن. گوێگرتن لە کەیسی منداڵان لە دادگای شێریف ساز دەکرێت بەڵام جارجار لە هۆڵی بچووکتر لەناو باڵەخانەی دادگاش بەڕێوە دەچن. ئەگەر شێریف رێگە نەدات ئەوا خەڵکی ئاسایی ناتوانن ئامادەی گوێگرتنەکە بن. دەستەی جووری ئامادە نابێت و شێریف خۆی بڕیار دەدات.

لە گوێگرتن لە کەیسەکانی منداڵان لە دادگادا، شێریف گوێ لە هەموو دەستاوێژەکان دەگرێت و بڕیار دەدات ئەگەر شتێك رووی دابێت یان ئەگەر نیگەرانییەکانی سەبارەت بە منداڵێك سەلمێندرابن.

ئەگەر شێریف کەیسی هەواڵنێری منداڵان پەسند بکات، کەیسەکە بۆ گوێگرتنی منداڵان دەنێردرێتەوە بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت چ یارمەتییەکی بۆ یارمەتیدانی منداڵەکە پێویستە. شێریف بڕیار نادات چی دەبێ روو بدات؛ بەڵکو گوێگرتنی منداڵان لەم بارەیەوە بڕیار دەدات.

لەبەر ئەوەی ئەم کەیسانە پێوەندییان بە منداڵانەوە هەیە، لەوانەیە لە ئەنجامی کۆتایی کەیسەکە ئاگادار نەبیت لە حاڵەتێکدا نەبێت کە خۆت قوربانی تاوانێك بووبیت کە لەلایەن منداڵێکەوە رووی داوە.

# چ کەسانێك لە هۆڵی دادگا دەبن و کاریان چییە ؟

**لە رەوتەکانی دادگای تاوانبارانەدا**

- **دادوەر یان شێریف:** دادوەر یان شێریف پسپۆڕی یاسایە و سەرپەرشتی لە رەوتەکانی دادگا دەکات. ئەوان لەوە دڵنیا دەبن کە هەموو شتێك بە شێوەیەکی عادلانە و لە چوارچێوەی یاسا بەڕێوە دەچێت و رێساکانی دادگا و رەوتە یاساییەکان پەیڕەو دەکرێن. ئەوان هەروەها ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندی هەموو ئەو کەسانە یان لەسەرشانە کە بەشداریان لە کەیسەکەدا هەیە، لەوانە شایەتەکانی دادگا.

- **دادوەری گشتی یان جێگری پارێزەر:** بریتییە لە پارێزەری دادئەستێن کە لەوانەیە داوای لێکردبیت وەکو شایەتێك لە کەیسێکی تاوانبارانە لە دادگا ئامادە بیت. دادوەری گشتی یان جێگری پارێزەر کەیسی دادئەستێنی لە دژی ئەو کەسەی وا بە تاوانێك تۆمەتبار کراوە دەناسێنن. دادوەران 'ئەرکی دەستاوێژ' یان لەسەرە، ئەمەش بەو واتایە یە کە پێویستە دەستاوێژیان بە رێژەیەك هەبێت کە بتوانن 'لەسەرووی هەموو گومانێکی ماقووڵ' ەوە بیسەلمێنن کەسی تۆمەتبارکراو تاوانبارە. ئەوان لە دادگادا پرسیار لە شایەتەکان دەکەن بۆ ئەوەی شایەتەکان بتوانن لە رێگەی وەڵامەکانیانەوە دەستاوێژی خۆیان رابگەیێنن.

- **پارێزەری پاراستن:** پارێزەری پاراستن یان راوێژکار بە ناوی کەسی تۆمەتبارکراو کار دەکات و ئەو دەستاوێژانە هەڵدەسەنگێنێت کە لەلایەن دادئەستێنەوە پێشکەش کراون و کەسی تۆمەتبارکراوی کێشاوەتە دادگا. ئەوان پێویستە هەموو کاتێك ئاگایان لە بەرژەوەندی کەسی تۆمەتبارکراو بێت. ئەگەر لە کەسێك زیاتر تۆمەتبار کرابێت، ئەوا لە پارێزەرێك زیاتر لە دادگا دەبێت و هەریەکێکیشیان سەبارەت بە دەستاوێژی شایەتەکان پرسیاریان لێدەکەن. جاری وا هەیە پارێزەری پاراستن لەوانەیە ئەو کەسە بێت کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت.

**چوون بۆ دادگا**

- **جووری:** له هه ندێك حاڵه تدا، جووری بڕیار ده دات كه ئایا یاسا پێشێل كراوه یان نا. له سكۆتله ندا، جووری له 15 كه س پێك دێت. ئه مانه كه سانێكن پێش ئه وه ی كه یسه كه ده ست پێ بكات هیچ شتێك له باره یه وه نازانن. ئه وانه گوێ له ده ستاوێژه كان ده گرن و بڕیار ده ده ن كه ئایا كه یسه كه له دژی كه سێكی تۆمه تباركراو 'له سه رووی گومانێكی ماقووڵ' ه وه سه لمێندراوه یان نا.
- **كلێركی دادگا:** كه سێكه به رپرسه له یارمه تیدانی دادوه ر و راگرتنی لاپه ڕه و تۆماره كانی دادگا.
- **فه رمانبه ری دادگا:** یارمه تی دادگا ده دات و به شایه ته كان ده ڵێت نۆره ی ئه وانه ده ستاوێژی خۆیان ئاراسته ی دادگا بكه ن. هه روه ها له وانه یه داوا له فه رمانبه ری دادگا بكردرێت ده ستاوێژی تر، وه كو جل و به رگ، وێنه یان كه ل و په لی تر پیشانی شایه تێك بدات.
- **تۆمه تباركراو:** كه سێكه به كردنی تاوانێك تۆمه تبار كراوه.
- **پۆلیسی دادگا یان ئه فسه رانی سیكیوریتی:** له دادگا ده بن بۆ پاراستنی هێمنی و سه لامه تی خه ڵك.
- **جه ماوه ر:** دادگاكانی تاوانبارانه زۆر جار بۆ جه ماوه ر كراوه ن. ئه ندامانی كۆمه ڵگا، ئه وانه ی له سه رووی 14 ساڵن، ده توانن له شوێنی دانیشتنی خه ڵك له پشته وه ی هۆڵی دادگا دانیشن و سه یری شایه ته كان و پارێزه ره كان بكه ن و گوێ له قسه كانیان بگرن. به ڵام له هه ندێك حاڵه تدا هۆڵی دادگا له سه ر خه ڵك داده خرێت.

**له هیچ دادگایه ك پێش به رۆژنامه كان ناگیردرێت، ته نانه ت ئه گه ر هۆڵی دادگا له سه ر خه ڵكی ئاسایی داخرابێت. ئه گه ر رۆژنامه كان بیانه وێت راپۆرتێك له سه ر كه یسێك ئاماده بكه ن، ئه وان ناوی هیچ قوربانییه كی ده ستدرێژی نامووسی بڵاو ناكه نه وه.**

**له رەوتە کانی گوێگرتن له کەیسە کانی منداڵاندا**

- **شێریف:** شێریف بەرپرسە لە هەموو رەوتەکانی دادگا و پسپۆڕی یاسایە . ناوبراو لەوە دڵنیا دەبێ کە هەموو شتێك بە شێوەیە کی عادڵانە و لە چوارچێوەی یاسا بەڕێوە دەچێت و ڕێساکانی دادگا و رەوتە یاساییەکان پەیڕەو دەکرێن. ئەوان هەروەها ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندی هەموو ئەو کەسانە یان لەسەرشانە کە بەشداریان لە کەیسەکەدا هەیە ، لەوانە شایەتەکانی دادگا.
- **هەواڵنێری منداڵان:** هەواڵنێری منداڵان کەسێکە کەیسی منداڵان لە گوێگرتنی دادگا دەناسێنێ و لەوانەیە داوای لێکردبیت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت. ئەوان لە دادگا پرسیار دەپرسن بۆ ئەوەی هەموو شایەتەکان دەستاوێژی خۆیان رابگەیێنن. ئەوان بەرژەوەندی منداڵ دەپارێزن بەڵام نوێنەرایەتی منداڵەکە ناکەن.
- **پارێزگار:** پارێزگار کەسێکی سەربەخۆیە کە لەوانەیە بەمەبەستی چاودێری کردن لە بەرژەوەندیی منداڵێك دەستنیشان کرابێت. ئەوانە لەوانەیە جارجار لە گوێگرتن لە کەیسی منداڵان لە دادگا ئامادە بن و لەوە دڵنیا دەبن هەر بڕیارێك بدرێت قازانجی منداڵەکەی تێدایە .

- **که‌سانی تر که به‌ شێوه‌یه‌کی راسته‌وخۆ له‌ ره‌وته‌کاندا ده‌ستیان هه‌یه‌ :** ئه‌مانه‌ ده‌توانن بریتی بن له‌ منداڵ، خێزان یان که‌سانی پێوه‌نداری تر که‌ به‌ شێوه‌یه‌کی راسته‌وخۆ ده‌ستیان له‌ که‌یسی منداڵه‌که‌دا هه‌یه‌ و له‌وانه‌یه‌ له‌ناو هۆڵی دادگاشدابن.

- **پارێزه‌رانی تر:** له‌وانه‌یه‌ پارێزه‌رێك یان چه‌ند پارێزه‌رێکی تر به‌ ناوی که‌سانی تر، که‌ به‌ شێوه‌یه‌کی راسته‌وخۆ پێوه‌ندییان به‌ که‌یسی منداڵه‌که‌وه‌ هه‌یه‌ ، له‌ هۆڵی دادگادابن. ئه‌وانه‌ له‌وانه‌یه‌ چه‌ند پرسیارێك سه‌باره‌ت به‌ ده‌ستاوێژی شایه‌تێك بپرسن. جارجار پارێزه‌ر له‌وانه‌یه‌ ئه‌و که‌سه‌ بێت که‌ داوای لێکردوویت وه‌کو شایه‌تێك له‌ دادگا ئاماده‌ بیت.

رێگه‌ به‌ جه‌ماوه‌ر و رۆژنامه‌کان نادرێت له‌ ره‌وته‌کانی گوێگرتن له‌ که‌یسی منداڵاندا ئاماده‌ بن مه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی که‌ شێریف رێگه‌یان پێ بدات. له‌ زوربه‌ی حاڵه‌ته‌کاندا، رێگه‌ به‌ ئاماده‌بوونی جه‌ماوه‌ر و رۆژنامه‌کان له‌ دادگا نادرێت.

# کەیسی دادگا چۆن ئامادە دەکرێت

**ڕەوتەکانی تاوانبارانە**

دادوەری گشتی بڕیارێکی سەربەخۆ دەدات سەبارەت بەوەی کە ئایا دەبێت کەیسێك ببرێتە دادگا یان نا. تەنیا ئەو کاتە دەکرێت کەیسێك ببرێتە دادگا کە دادوەری گشتی لەو بڕوایە دابێت کە دەستاوێژی تەواو سەبارەت بەوە هەیە کە تاوانەکە لەلایەن کەسی تۆمەتبارکراوەوە رووی داوە. ئەگەر کەسی تۆمەتبارکراو خۆی بە 'بێگوناح' بزانێت، دادگا دێتە ئاراوە و چاوەڕوانی لە شایەتەکان دەکرێت شایەتیی خۆیان رابگەیێنن.

**ڕەوتەکانی گوێگرتن لە کەیسی منداڵان**

هەواڵنێری منداڵان بڕیارێکی سەربەخۆ دەدات سەبارەت بەوەی کە ئایا کەیسێك بخرێتە بەر گوێگرتنی منداڵان یان نا. گوێگرتن لە کەیسی منداڵان دەبردرێتە دادگا ئەگەر ئەو کەسانەی کە دەستیان لە کەیسەکەدا هەیە لەسەر ئەو شتەی رووی داوە پێك نەیەن یان ئەگەر منداڵەکە تەمەنی ئەوەندە کەم بێت کە تێنەگات.

**هەڵسەنگاندنی سەرەتایی**

کاتێك دادوەری گشتی یان پارێزەری پاراستن لە ڕەوتێکی سامناکدا کەیسێکی تاوانبارانە ئامادە دەکەن، نامەیەکت بۆ دەنێرن. ئەم نامەیە کە بە 'بانگهێشت' یش دەناسرێت داوات لێدەکات لە کۆبوونەوەیەکدا ئامادە بیت کە تێیدا ئیفادەیەکت لێوەردەگیرێت. ئەو ئیفادەیەی لەو کۆبوونەوەیەدا وەردەگیرێت بە هەڵسەنگاندنی سەرەتایی دەناسرێت.

**ئەگەر داوا بکرێت، شایەت پێویستە ئیفادەی هەڵسەنگاندنی سەرەتایی رابگەیێنیت.**

هەواڵنێر لە گوێگرتن لە کەیسی منداڵان لە دادگا زۆر جار بۆ ئامادەکردنی کەیسەکە پشت بەو راپۆرتە پاشخانەکان و ئیفادەکان وەردەگریت، بەڵام جارجار لەوانەیە بیهەوێت بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی سەرەتایی یان بۆ ئامادەکاریی گشتی چاوی پێت بکەوێت.

لەوانەیە پارێزەری تریش هەبن کە حەز بکەن لە جیاتی کەسی تۆمەتبارکراو یان کەسێکی تر کە پێوەندی بە کەیسەکەوە هەیە قسەت لەگەڵ بکەن. ئەمە لە ئامادەکاری کەیسی دادگادا شتێکی ئاساییە .

دەتوانی بڕیار بدەیت لە چ کاتێك و لەکوێ چاوت بە پارێزەرەکان بکەوێت. ئەگەر هەر جۆرە پرسیارێکت سەبارەت بەم کۆبوونەوانە هەیە، پێویستە لەو کەسە یان بپرسیت کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت.

لە هەندێك حاڵەتدا، جارجار کەسێکی تۆمەتبارکراو لەوانەیە پارێزەری نەبێت و لەوانەیە بیەوێت چاوی بە شایەتەکان بکەوێت. ئەگەر ئەمە روو بدات، و تۆش نازانیت دەبێ چی بکەیت یان بە هەر شێوەیەك بێت لەم بارەیەوە نیگەرانیت، پێویستە پێوەندی بەو کەسەوە بکەیت کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت.

# رێکه وتی دادگا

به ر له که یسی دادگا بانگهێشت یان نامه یه کت به ده ست ده گات که تێیدا له رێکه وتی ده ستپێکردنی که یسه که ئاگادار ده کرێیت.

**ئه م بانگهێشته نامه یه کی فه رمییه بۆ ئه وه ی وه کوو شایه تێك له دادگا ئاماده بیت و نابێت پشتگوێی بخه یت.**

گرنگه له و رێکه وت و کاته له دادگا ئاماده بیت که له نامه که دا بۆت دیاری کراوه.

ئه گه ر هۆی گرنگی ئه وتۆت به ده سته وه هه یه که به لاته وه زه حمه ته له دادگا ئاماده بیت، بۆ نمونه ئه گه ر له و رۆژه دا ناچاری بچیته مه وعیدی نه خۆشخانه ئه وا پێویسته ده ست به جێ دادوه ری گشتی، هه والنێری منداڵان یان پارێزه ره که ت ئاگادار بکه یت. هه روه ها ئه گه ر هه ر جۆره پرسیار یان دڵه ڕاوکه یه کت سه باره ت به نامه ی دادگا یان ئاماده بوون له دادگا هه یه پێویسته پێوه ندییان پێوه بکه یت.

ئه گه ر داوات لێکراوه وه کو شایه تێك له دادگا ئاماده بیت، پێویسته بچیته دادگا.

**له که یسی تاوانباران و هه روه ها له گوێگرتن له که یسی منداڵان له دادگا، ئه گه ر نه چیته دادگا، ئه وا دادگا ده توانێ فه رمانێك بۆ ئاماده بوونت یان بۆ گرتنت ده ربکات.**

**ئه گه ر سه باره ت به ده سته به رکردنی ده ستاوێژت نیگه رانیت، پێویسته قسه له گه ڵ ئه و که سه بکه یت که داوای لێکردوویت وه کو شایه تێك له دادگا ئاماده بیت.**

# خۆئاماده‌کردن بۆ دادگا – پێویسته چی بکه‌یت

له زوربه‌ی حاڵه‌ته‌کاندا، ئه‌و که‌سه‌ی به تاوانێك تۆمه‌تبار ده‌کرێت خۆی به تاوانبار ده‌زانێت و پێویست ناکات شایه‌ت بێته دادگا و ده‌ستاوێژی خۆی رابگه‌یێنێت. ئه‌گه‌ر تۆمه‌تبارکراو خۆی به تاوانبار نه‌زانێت، دادگا دێته ئاراوه و دادگاش پێویستی به ده‌ستاوێژی شایه‌تی وه‌کو تۆ ده‌بێت.

هه‌ر به‌م شێوه‌یه له زۆربه‌ی گوێگرتن له که‌یسه‌کانی منداڵان له دادگا هه‌موو لایه‌ك له‌وانه‌یه له‌سه‌ر راستییه‌کان کۆك بن و که‌یسه‌که جێ به‌جێ بکرێت. هه‌ر کاتێك ئه‌م حاڵه‌ته روو نه‌دات دادگا پێویستی به‌وه ده‌بێت گوێ له ده‌ستاوێژه‌کان بگرێت.

دادوه‌ر یان شێریف داوا له شایه‌ته‌کان ده‌کات له رێگه‌ی وه‌ڵامدانه‌وه‌ی پرسیاره‌کانیان ده‌ستاوێژی خۆیان رابگه‌یێنن، بۆ ئه‌وه‌ی دادگا بتوانێ دیمه‌نێکی گشتی ئه‌و شته‌ی رووی داوه له به‌رچاو بێت.

به‌بێ شایه‌ت، دادوه‌ر (یان جووری) نازانێت چی رووی داوه و ناشتوانێ له کۆتایی که‌یسه‌که بڕیارێکی یه‌کجاری بدات.

**چی ده‌بێت ئه‌گه‌ر کار بکه‌م؟**

بۆ ئه‌وه‌ی ببی به شایه‌ت، پێویسته بۆ ماوه‌یه‌ك نه‌چیته سه‌ر کار. پێویسته پێشه‌کی خاوه‌ن کاره‌که‌ت ئاگادار بکه‌یت که داوات لێکراوه وه‌کو شایه‌تێك له دادگا ئاماده بیت. ئه‌گه‌ر خاوه‌ن کاره‌که‌ت ره‌زامه‌ند نه‌بێت نه‌چیته سه‌ر کار بۆ ئه‌وه‌ی له دادگا ئاماده بیت، پێویسته یه‌کسه‌ر ئه‌و که‌سه ئاگادار بکه‌یت که داوای لێکردوویت وه‌کو شایه‌تێك له دادگا ئاماده بیت. ئه‌گه‌ر به‌م هۆیه‌وه داهات یان پاره‌یه‌ك زه‌ره‌ر بکه‌یت ئه‌وا ده‌توانی به‌گوێره‌ی ئه‌وه‌ی چ که‌سێك داوای لێکردوویت له دادگا ئاماده بیت، له دادوه‌ری گشتی، هه‌واڵنێر یان پارێزه‌ر داوای قه‌ره‌بووی ئه‌م پاره‌یه بکه‌یت، هه‌ر چه‌نده سنوورێك بۆ بڕی ئه‌و پاره‌یه دیاری کراوه که ده‌توانی داوای بکه‌یته‌وه.

### چی دەبێت ئەگەر پێویستیم بە چاودێری کردن لە منداڵەکانم هەبێت؟

ئەگەر منداڵەکان شایەت نەبن رێگە یان پێ نادرێت لە هۆڵی دادگا ئامادە بن. هیچ دەرەتانێك بۆ چاودێری کردن لە منداڵان لە باڵە خانەی دادگا دەستەبەر نەکراوە. ئەگەر چاودێری منداڵانی تایبەت بە خۆت نییە، دەتوانی پێوەندی بە شارەوانی یان بە رێوەبەرایەتی خۆجێیی کاروباری کۆمەڵایەتی خۆتەوە بکەیت و لیستی ناوی هەموو دەرەتانەکانی مۆڵەتپێدراوی چاودێری کردن لە منداڵان لە ناوچەی ژیانتیان لێوەربگریت. دەتوانی داوای قەرەبوو کردنەوەی بەشێك لە م خەرجانە لەو کەسە بکەیت کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت.

### پێویستە چی لەبەر بکەم؟

هیچ جۆرە جل و بەرگێکی تایبەت بۆ شایەتەکان دیاری نەکراوە. پێویستە جلکێك لەبەر بکەیت کە تێیدا هەست بە ئاسوودەیی بکەیت.

# رۆژی که یسی دادگا

کاتێك دێیته دادگا پێویسته نامه ی دادگات پیّ بێت و به پرسگه ی به رده رگای دادگای پیشان بده یت. داوات لێده کرێت له ژووری سه ره کی چاوه ڕوان بوونی دادگا دابنیشیت که له وانه یه چه ند شایه تێکی تریشی لیّ بێت. فه رمانبه ری دادگا دێت و پێت ده ڵێت که ی نۆره ت دێت تاکو ده ستاوێژی خۆت به دادگا رابگه یێنێت.

زۆربه ی شایه ته کان له ده رگای سه ره کی دادگاوه دێنه ژووره وه . ئه گه ر سه باره ت به هاتنه ژووره وه بۆ باڵه خانه ی دادگا یان بوونت له گه ڵ که سێکی تری پێوه ندار به که یسه که له هه مان شوێن نیگه رانیت، له وانه یه بکرێت له هه ندێك دادگادا خزمه تگوزاریی شایه ته کان، VIA یان که سێك له لایه ن نووسینگه ی هه واڵنێری منداڵان یان فه رمانبه ری دادگا له ده رگای تر چاویان پێت بکه وێت و له ژوورێکی ترت دانێن.

تکایه سه باره ت به م بابه ته له و که سه ی که داوای لێکردوویت وه کو شایه تێك له دادگا ئاماده بیت پرسیار بکه . ده کرێت ئاماده کاریی پێویست رێك بخرێت و هه موو لایه ك ئه وپه ڕی هه وڵی خۆیان ده ده ن، به ڵام گه ره نتی ئه وه ش ناکرێت که له ماوه ی دادگا یان گوێگرتندا چاوت به و که سانه ناکه وێت که پێوه ندییان به که یسه که وه هه یه .

# چاوه‌ڕوانی کردن

خشته‌یه‌کی کاتیی دیاریکراو بۆ هه‌موو گوێگرتنه‌کان له که‌یسه‌کانی منداڵان له دادگا دیاری کراوه به‌مه‌به‌ستی دڵنیابوون له‌وه‌ی که که‌یسه‌که به‌زووترین کات گوێی لێده‌گیردرێت.

هه‌موو که‌یسه تاوانبارییه‌کان به زووترین کات مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵدا ده‌کرێت به‌ڵام له‌وانه‌یه کاتێکی زۆر بخایه‌نێت تاکو هه‌ندێك له که‌یسه تاوانبارییه‌کان ده‌گه‌نه دادگا. ته‌نانه‌ت دوای ئه‌وه‌ی له ڕێکه‌وتی دادگا ئاگادار ده‌بیت، ئه‌مه له‌وانه‌یه له‌به‌ر چه‌ندین هۆی جیاواز دوا بخرێت. ئه‌مه‌ش له‌وانه‌یه له ڕووی ناچارییه‌وه بێت و پێشبینی هه‌موو دره‌نگ که‌وتنێك ناکرێت. شایه‌ته‌کان و خێزانه‌کانیان جارجار سه‌باره‌ت به‌م دره‌نگ که‌وتنانه هه‌ست به تووڕه‌یی و ناڕه‌حه‌تی ده‌که‌ن.

جارجار له‌وانه‌یه له ڕۆژی سازدانی دادگادا ئاسته‌نگ بێته پێشه‌وه، بۆ نمونه له‌وانه‌یه یه‌كێك نه‌خۆش بكه‌وێت. له‌م حاڵه‌ته‌دا داوات لێده‌کرێت ڕۆژێکی تر بگه‌ڕێیته‌وه دادگا. دادگا هه‌وڵ ده‌دات ئه‌وه‌نده‌ی پێی ده‌کرێت کاتی چاوه‌ڕوانی کردن کورت بکاته‌وه.

ئه‌گه‌ر سه‌باره‌ت به دره‌نگ که‌وتنی دادگا نیگه‌رانییه‌کت هه‌یه، پێویسته له‌گه‌ڵ دادوه‌ری گشتی، هه‌واڵنێری منداڵان یان پارێزه‌ر قسه بکه‌یت، به‌گوێره‌ی ئه‌و که‌سه‌ی وا داوای لێکردوویت وه‌کو شایه‌تێك له دادگا ئاماده بیت.

ته‌نانه‌ت له‌پاش ده‌ستپێکردنی دادگاش له‌وانه‌یه دره‌نگ که‌وتن ڕوو بدات و هه‌ندێك شایه‌ت له‌وانه‌یه ماوه‌یه‌کی زۆر چاوه‌ڕوان بن تاکو نۆره‌یان دێت تا له دادگا ده‌ستاوێژی خۆیان رابگه‌یێنن. ئه‌مه‌ش له‌وانه‌یه له‌به‌ر ئه‌وه بێت که ئه‌و شایه‌ته‌ی پێش تۆ ده‌ستاوێژی خۆی راده‌گه‌یێنیت کاتێکی زیاتری بۆ ته‌رخان کراوه له‌وه‌ی که پێشتر بۆی پێشبینی کراوه.

**چوون بۆ دادگا**

خراپ نییه  شتێك وه کو کتێب یان گۆڤارێك له گه ڵ خۆت بێنیت بۆ ئه وه ی کاتی خۆتی پێ به ریته سه ر. هه ندێك له دادگاکان چایخانه  یان چێشتخانه یان هه یه  و زۆربه یان مه کینه ی فرۆشتنی خۆراکی سه فه ر یان خواردنه وه ی ساردیان هه یه . به ڵام پێویسته  پێشتر له م باره یه وه  پرسیار بکه یت و ئه گه ر پێویست بێت ده توانی خۆراکێکی سووکه ڵه  له گه ڵ خۆت بێنیت.

**کاتێك که یسی دادگا ده ست پێده کات و تۆش چاوه ڕوانیت ده ستاوێژی خۆت رابگه یێنیت، نابێت سه باره ت به  ده ستاوێژی خۆت له گه ڵ هیچ شایه تێکی تردا باس بکه یت که  پێوه ندی به  که یسه که وه  هه یه .**

**دوای ئه وه ی ده ستاوێژی خۆت به  دادگا راگه یاند، ناتوانیت بگه ڕێیته وه  بۆ ژووری چاوه ڕوانی کردنی شایه ته کان.**

# ناسینەوە

لە وانە یە پێش ئەوەی بچیتە دادگا چەند کەسێکت ناسیبێتەوە، بۆ نمونە لە ڕێگەی ریزکردنی گومانلێکراوانەوە، کە پێوەندییان بە کەیسەکەوە هەیە. ئەگەر وابێت، پێویست ناکات لە کاتی دەستە بەرکردنی دەستاوێژی خۆت بە دادگا جارێکی تر ئەم کارە بکەیتەوە.

بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا، لە وانەیە پێویست بکات ئەو کەسە بە دادگا بناسێنێت کە لە بارەیەوە پرسیارت لێدەکردرێت. کاتێک دەستاوێژی خۆت رادەگەیێنیت لە وانەیە داوات لێبکردرێت چاو بە ناو هۆڵی دادگادا بگێڕیت و ئەگەر کەسەکەت بەرچاو کەوت بە دەست ئاماژەی پێ بکەیت.

ئەگەر لەم بارەیەوە نیگەرانیت، لەگەڵ ئەو کەسە قسە بکە کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێک لە ددگا ئامادە بیت. ناوبراو ئاگادارت دەکاتەوە ئەگەر شتێکی تر هەبێت کە بتوانێ بۆتی بکات.

# راگه‌یاندنی ده‌ستاوێژکه‌ت

یه‌که به‌یه‌که‌ی شایه‌ته‌کان ده‌ستاوێژی خۆیان راده‌گه‌یێنن و به دادگا ده‌ڵێن چی رووی داوه و ئاگایان له چییه.

به‌مه‌به‌ستی یارمه‌تیدانت بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ستاوێژی خۆت رابگه‌یێنیت، زۆرجار دادوه‌ری گشتی، پارێزه‌ر یان هه‌واڵنێری منداڵان پرسیارت لێده‌که‌ن. دادوه‌ر یان شێریفیش له‌وانه‌یه چه‌ند پرسیارێکت لێ بکه‌ن. ئه‌وان له‌وانه‌یه چه‌ند پرسیارێکت سه‌باره‌ت به‌و شته لێ بپرسن که به‌سه‌ری خۆت یان که‌سێکی تردا هاتوه. یان له‌وانه‌یه سه‌باره‌ت به شتێك که دیتووته یان بیستووته پرسیارت لێ بکه‌ن.

**گرنگه بزانیت که یاسا رێگه نادات که‌سێکی تۆمه‌تبارکراو هیچ پرسیارێك له شایه‌تێك بکات ئه‌گه‌ر:**

- **که‌سی تۆمه‌تبارکراو به تاوانێکی نامووسی تاوانبار کرابێت؛ یان**
- **له هه‌ندێك حاڵه‌تی دیکه‌دا، کاتێك دادگا بڕیار ده‌دات که ئه‌مه له به‌رژه‌وه‌ندی شایه‌تێکه که له ژێرمه‌ترسی دایه.**

پێش ئه‌وه‌ی ده‌ستاوێژی خۆت به دادگا رابگه‌یێنیت، داوات لێده‌کرێت سوێند بخۆیت یان سۆز بده‌یت که راستی ده‌ڵێیت. ئه‌گه‌ر بڕیار بده‌یت که سوێند بخۆیت، ئه‌وا دادگا سه‌رنجی بیروباوه‌ڕی ئایینیت ده‌دات.

**چوون بۆ دادگا**

ئەو ماوەیەی کە پێت دەچێت تا دەستاوێژی خۆت بە دادگا رابگەیێنیت دەبەسترێتەوە بەوەی چەند زانیاریت هەیە بە دادگای بدەیت و چەند پرسیارت لێدەکردرێت.

**تاڤیکردنەوە و دژەتاڤیکردنەوە**

دادوەری گشتی یان هەوالنێری منداڵان یان هەر کام لە پارێزەرەکان دەرفەتێکیان بۆ دەرەخسێت بۆ ئەوەی پرسیارت لێ بکەن بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن بە دادگا بڵێی ئاگات لە چییە، و هەروەها بۆ روونکردنەوەی وەلامەکانت. ئەمە بە تاڤیکردنەوە و دژەتاڤیکردنەوە ناسراوە.

پێویستە بە وردی گوێ بگریت و هەوڵ بدەیت ئەوەندەی پێت دەکردرێت وردتر وەلامی پرسیارەکان بدەیتەوە.

**وەکو شایەتێك پێویستە وەلامی راست و دروست بە پرسیارەکان بدەیتەوە و ئەو شتەی ئاگات لێیەتی بە دادگا بڵێی.**

جارجار لەوانەیە وەلامدانەوەی پرسیارێك ئەوەندە هاسان نەبێت. پێویستە لەبیرت نەچێت کە دادگا ئەزموونی لە گوێگرتن لە دەستاوێژەکانی شایەتی جۆراوجۆر هەیە و هەر بۆیەش لەوە ئاگادارە کە لەوانەیە هەندێك پرسیار لەوانی تر زەحمەتتر بن. پێویستە بە ئەسپایی بیر بکەیتەوە و تەنیا راستی بە دادگا بڵێیت.

یەکجار گرنگە کە شایەت لەکاتی راگەیاندنی دەستاوێژەکانی بە دادگا هەمیشە راست بڵێیت. ئەو شایەتانەی بەئانقەست راستی لە دادگا دەشارنەوە لەوانەیە سزای یاسایی بدرێن.

ئەگەر لەبەر ئەوە نیگەرانیت کە ئەگەر سەبارەت بە کەسێك راستییەك بڵێیت چیت بەسەر دێت، و ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك بێت سەبارەت بە راگەیاندنی دەستاوێژەکانت بە دادگا هەست بە دڵەڕاوکێ و دڵەتەپێ دەکەیت، تکایە ئەو کەسە ئاگادار بکە کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت.

بەشێوەیەکی ئاسایی چاوەڕوان دەکردرێت شایەتەکان بەپێوە دەستاوێژی خۆیان رابگەیێنن، بەلام ئەگەر لەبەر ئەوەی بەتەمەنیت یان نەخۆشیت ناتوانیت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەسەر پێ راوەستیت، دەتوانی داوا لە دادگا بکەیت بە دانیشتنەوە دەستاوێژی خۆت رابگەیێنیت. هەروەها دەتوانی داوا لە دادوەر یان شێریف بکەیت بۆ ئەوەی هەر کاتێك لە ماوەی بەرێوە چوونی رەوتەکانی دادگادا هەستت بە هیلاکی و نارەحەتی کرد دابنیشیت.

کاتێك دەستاوێژی خۆت رادەگەیێنیت، پێویستە روون و ئاشکرا قسە بکەیت بۆ ئەوەی دادوەر یان شێریف و پارێزەرەکان بتوانن بەباشی گوێیان لە دەنگت بێ و ناچار نەبن داوات لێ بکەن وەلامەکەت دووپات بکەیەوە.

لە هەندێك حاڵەتدا، هەموو ئەو شتانەی لەنا و دادگا روو دەدەن لەسەر شریت تۆمار دەکرێن. ئەمەش هۆیەکی ترە بۆ ئەوەی بە روونی قسە بکەیت. ئەمە هەروەها بەو واتایەیە کە ناتوانی تەنیا سەرت بلەقێنی یان دەستت راوەشێنی.

بەشێوەیەکی ئاسایی داوات لێدەکردرێت ناوت بڵێیت، بەلام ناچار نابیت ناونیشانی ئێستات بڵێیت، لە حاڵەتێکدا نەبێت کە ئەمە بەشێکی سەرەکیی دەستاوێژەکە بێت، بۆ نمونە، ئەگەر تاوانی گومانلێکراو لەو شوێنە رووی دابێت. ئەگەر لەبەر هەر هۆیەکی تایبەتی تر، سەبارەت بە ئەگەری خوێندنەوەی ناونیشانی ماڵەکەت لە دادگا نیگەرانیت، لەگەڵ ئەو کەسە قسە بکە کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێك لە دادگا ئامادە بیت.

**چوون بۆ دادگا**

ئه‌گه‌ر له پرسیارێك تێنه‌گه‌یشتی، ئاساییه بڵێی تێی ناگه‌یت. به‌مه‌زنده لێکی مه‌ده‌وه. داوا له که‌سه‌که بکه پرسیاره‌که‌یت بۆ روون بکاته‌وه یان به‌شێوه‌یه‌کی تر بیڵێت بۆ ئه‌وه‌ی به‌ته‌واوی له پرسیاره‌که‌ی بگه‌یت. هه‌ر به‌م شێوه‌یه، ئه‌گه‌ر که‌سێك له دادگا له وه‌ڵامه‌که‌ت تێنه‌گات، ئه‌وا پێویسته بۆی روون بکه‌یته‌وه.

ئه‌گه‌ر نه‌تتوانی وه‌ڵامی پرسیارێك بده‌یته‌وه چونکه شتێکت بیر نایه‌ته‌وه، تکایه بڵی ناتوانم وه‌ڵام بده‌مه‌وه.

**چوون بۆ دادگا**

**له هه‌موو دادگایه‌کدا، دادوه‌ر یان شێریف ئه‌رکی له‌سه‌ره به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی شایه‌ته‌کان بپارێزێت.**

**هانت ده‌ده‌ین په‌نا بۆ دادوه‌ر یان شێریف به‌ریت ئه‌گه‌ر له شێوه‌ی پرسینی پرسیارێك نیگه‌رانیت یان هه‌ست به ناڕه‌حه‌تی ده‌که‌یت.**

**ده‌توانی سه‌باره‌ت به‌م بابه‌ته له‌گه‌ڵ ئه‌و که‌سه قسه بکه‌یت که داوای لێکردوویت وه‌کو شایه‌تێك له دادگا ئاماده بیت.**

**له‌بیرت نه‌چێت ئه‌وه‌ی به دادگای ده‌ڵێیت پێویسته ده‌ستاوێژی خۆت بێت. دادگا پێویستی به‌وه هه‌یه شته‌کان له زمانی خۆت ببیسێت. هیچ که‌سێك نابێت پێت بڵێ چی بڵێیت. کاتێك ده‌ستاوێژی خۆت راده‌گه‌یێنیت پێویسته هه‌میشه قسه‌کانت راست بن.**

# له‌پاش ئه‌وه‌ی ده‌ستاوێژی خۆت راگه‌یاند

دوای ئه‌وه‌ی پارێزه‌ره‌کان هه‌موو پرسیاره‌کانی خۆیانت لێده‌که‌ن، دادوه‌ر یان شێریف ئاگادارت ده‌کاته‌وه‌ که‌ چیتر کاری پێت نه‌ماوه‌ و ده‌توانی له‌ دادگا ده‌ربچیت.

له‌م حاڵه‌ته‌دا چیتر شایه‌ت نامێنیت و نابێت بگه‌ڕێیته‌وه‌.

له‌ گوێگرتن له‌ که‌یسه‌کانی منداڵان له‌ دادگادا، ئه‌گه‌ر که‌یسه‌که‌ پێوه‌ندی منداڵه‌که‌ته‌وه‌ هه‌بێت و تۆش که‌سێکی پێوه‌ندار به‌ که‌یسه‌که‌ بیت، ئه‌وا رێگه‌ت پێده‌درێت له‌ ماوه‌ی به‌ڕێوه‌چوونی ره‌وته‌کاندا له‌ دادگا بیت. بۆ زانیاریی زیاتر ده‌توانی پێوه‌ندی به‌ هه‌واڵنێری منداڵانه‌وه‌ بکه‌یت.

له‌ که‌یسه‌ تاوانبارییه‌کاندا، ئه‌گه‌ر کۆتاییت به‌ ده‌سته‌به‌رکردنی ده‌ستاوێژی خۆت داوه‌، له‌وانه‌یه‌ بته‌وێت بچیته‌ هۆڵی دانیشتنی خه‌ڵك بۆ ئه‌وه‌ی گوێ له‌ پاشماوه‌ی که‌یسه‌که‌ رابگریت. تکایه‌ له‌بیرت بێت که‌ جاری واهه‌یه‌ دادگا داوا له‌ خه‌ڵك ده‌کات له‌ دادگا ده‌ربچن کاتێك هه‌ندێك له‌ شایه‌ته‌کان ده‌ستاوێژی خۆیان راده‌گه‌یێنن. پێویسته‌ هه‌میشه‌ له‌ فه‌رمانبه‌رانی دادگا بپرسیت که‌ ئایا رێگه‌ت پێده‌درێت دوای راگه‌یاندنی ده‌ستاوێژه‌که‌ت له‌ناو دادگا بمێنیته‌وه‌ یان نا.

# کۆتایی کەیسی دادگا

هەرگیز ناکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە کەیسی دادگا چ ماوەیەك دەخایێنێت. هەندێك کەیس هەن تەنیا ماوەی رۆژێك دەخایێنن، هەشە چەندین رۆژ، هەفتەیەك یان ماوەیەکی زۆر درێژتر دەخایێنن. ئەمە زۆر جار بەستراوەتەوە بە ژمارەی شایەتەکان و هەموو شایەتێك چەندەی کات پێویستە تا دەستاوێژی خۆت بە دادگا رادەگەیێنێت.

دوای ئەوەی دادگا گوێی لە دەستاوێژی هەموو شایەتەکان گرت، دادوەر/شێریف (یان جووری) پێویستە حوکم یان بڕیاری خۆیان رابگەیێنن.

**لە کەیسێکی تاوانبارانەدا لەوانەیە ئەم حوکمانە بدرێن:**

- **تاوانبار** بەو واتایەیە کە دەستاوێژەکان بە رێژەیەك بوون کە 'لە سەرووی گومانێکی ماقوول' ەوە سەلمێندراوە کەسی تاوانبارکراو تاوانەکە یان بەشێك لە تاوانەکەی کردوە. دوای ئەوە داوا لە دادوەردەکرێت حوکم یان سزای کەسی تاوانبار رابگەیێنیت.

- **بێتاوان یان تاوانبارییەکەی نەسەلمێندراوە** بەو واتایەیە کە دەستاوێژەکان بە رێژەیەك نەبوونە کە کەیسەکە 'لەسەرووی گومانێکی ماقوول' ەوە بسەلمێندرێت، یان هۆکاری تایبەتی تر لە ئارادابوون بۆ ئەوەی کەسی تاوانبارکراو بە تاوانبار نەناسرێت. هەر دووی ئەم حوکمانە یەك کاردانەوەیان هەیە و بەو واتایەن کە کەسی تاوانبارکراو چیتر کاری بە دادگا نامێنێت و رێگەی پێدەدرێت لە دادگا دەرچێت و جارێکی تر سەبارەت بە هەمان سەرپێچی کردن لە یاسا ناخرێتە بەردەم دادگا.

**چوون بۆ دادگا**

**لە گوێگرتن لە کەیسی منداڵان لە دادگادا،** شێریف بڕیار دەدات چ شتێك سەلمێنراوە، ئایا بنەماکان بنیات نراون و ئایا پێویستە کەیسەکە بخرێتەوە بەر گوێگرتن لە کەیسی منداڵان بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێنرێت. ئەگەر کەیسەکە بخرێتەوە بەردەم گوێگرتنی منداڵان، ئەوان بڕیار دەدەن دواتر چی روو دەدات.

لە کەیسە تاوانبارییەکاندا، کەسێك لە دوایین ئاکامی کەیسەکە ئاگادارت دەکات.

لە گوێگرتن لە کەیسی منداڵان لە دادگادا، کاتێك ناوی منداڵێك ئاشکرا ناکرێت، ئەم زانیارییە لەوانەیە سنووردارتر بێت.

ئەگەر دەتانەوێت لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەن وە یان سەبارەت بە حوکم یان حوکمدانێکی تایبەتی روونکردنەوەیەکتان وەرگرتووە دەبێ بەپێ جۆری شایەتیدانی ئەنجام دراو لەگەڵ دادوەری گشتی/VIA، هەواڵنێری منداڵان یان پارێزەکە ئاگادار پەیوەندی بکەن.

ئەگەر داوای وەرگرتنەوەی ئەو خەرجانەی کە داوتانە دەکەن چۆنیەتی پێشکەش کردنی داوانامەکە لە پشتی بانگهێشتەکەوە هاتووە. کاتی کە ئەم فۆرمەتان پڕکردەوە دەتوانن لە کەسێك کا ناوی ئێوەی وەکو شایەت هێناوە داوای وەرگرتنی گەرجەکان بکەن. ئەم کەسە دەتوانێت دادوەری گشتی/VIA، هەواڵنێری منداڵان یان پارێزەکە ئاگادار بێت. هەندێ جار دەتانن داوانامەکەتان پێشکەشی دادگای ناوچەیی بکەن.

# پێدانی یارمه‌تی تر

**داواکردنی قه‌ره‌بووی برینداربوون به‌هۆی تاوان:** ئه‌گه‌ر بوویته قوربانیی تاوانێکی توندوتیژی ئه‌وا له‌وانه‌یه بته‌وێت بۆ قه‌ره‌بوو کردنی ئه‌و برینه‌ی به‌هۆی تاوانه‌وه پێت گه‌یشتوه داوای قه‌ره‌بوو بکه‌یت.

**ده‌توانی بۆ وه‌رگرتنی فۆرمێکی داواکاری پێوه‌ندی بکه‌یت به :**

The Criminal Injuries Compensation
Authority (CICA)
Tay House
300 Bath Street
Glasgow
G2 4LN
**ته‌له‌فۆن:** 0141 331 2726

ئه‌گه‌ر بۆ پڕکردنه‌وه‌ی فۆرمی داواکارییه‌که پێویستیت به هه‌ر یارمه‌تییه‌ك هه‌بێت، ده‌توانی پێوه‌ندی به نووسینگه‌ی ناوچه‌یی پشتگیریی له قوربانیان یان پارێزه‌رێك بکه‌یت.

**به‌رنامه‌ی ئاگادارکردنه‌وه‌ی قوربانیان:** ئه‌گه‌ر بوویته قوربانی تاوانێك و که‌سی تاوانبار ماوه‌ی چوار ساڵ یان زیاتر زیندانی بۆ بڕاوه‌ته‌وه، ده‌شێیت به‌شداری له به‌رنامه‌ی ئاگادارکردنه‌وه‌ی قوربانیان بکه‌یت. ئه‌م به‌رنامه‌یه قوربانیان و خێزانه‌کانیان له رێکه‌وتی به‌ربوونی که‌سی تاوانبار ئاگادارده‌کاته‌وه. ئه‌گه‌ر شیاو بیت، ئه‌وا نامه و نامیلکه‌یه‌کت له‌لایه‌ن VIA وه به‌ده‌ست ده‌گات.

**چوون بۆ دادگا**

**پشتگیری له قوربانیان له سکۆتله‌ندا:** له‌وانه‌یه له هه‌موو حاڵه‌ تێکدا بۆت به‌ قازانج بێت قسه له‌گه‌ڵ خزمه‌تگوزارییه‌کانی ناوچه‌یی پشتگیری بکه‌یت. هێڵی یارمه‌تی پشتگیری له قوربانیان له سکۆتله‌ندا ده‌توانێ نووسینگه‌ی ناوچه‌ییت پێ بناسێنێت، ته‌له‌فۆن: 0845 603 9213.

بۆ وه‌رگرتنی زانیاریی زیاتر ده‌توانی پێوه‌ندی به خزمه‌تگوزاریی قوربانیان یان VIA ه‌وه بکه‌یت.

**هێڵی یارمه‌تی خێزانی زیندانیانی سکۆتله‌ندی:** ئه‌گه‌ر خزمی که‌سێکیت که له‌وانه‌یه زیندانی بکرێت و تۆش پێویستیت به زانیاری هه‌یه یان ده‌ته‌وێت که‌سێک سه‌باره‌ت به پشتگیری گوێت بۆ رابگرێت، ده‌توانی پێوه‌ندی به‌م هێڵی یارمه‌تییه به‌ خۆڕاییه‌وه بگریت: 83 93 83 0500.

# هەر پرسیار یان تێبینیەکی تر

پێویستە پێش دەستپێکردنی کەیسی دادگا لێت روون بێت کە هەموو ئەو زانیاریانەت هەیە کە پێویستیت پێیان دەبێت. بۆ نمونە، بزانە باڵەخانەی دادگا لەکوێیە یان ژووری پێوەندیی تەلەفزیۆنی لەکوێ هەڵکەوتوە و چۆن دەتوانی بچیتە دادگا.

لەوانەیە بۆت بەقازانج بێت هەموو ئەو پرسیارانە بنووسیت کە سەبارەت بە شایەتبوون دەتبێت، بۆ ئەوەی بتوانی سەبارەت بەمانە لەگەڵ دادوەری گشتی/VIA، پارێزەر، هەواڵنێری منداڵان یان ئەو کەسە قسە بکەیت کە شوێنە جیاوازەکانی دادگات پیشان دەدات.

**ئەگەر هەر جۆرە پرسیارێکت هەبێت دەتوانی لەسەر لاپەڕەی تێبینی پشت ئەم کتێبۆکەیەدا بینووسیت.**

هەروەها لەوانەیە بتەوێت بیروبۆچۆنی خۆت سەبارەت بەوە رابگەیێنیت کە ئەم خزمەتگوزارییانە چۆن یارمەتییان داویت و چۆن دەکرێ باشتر بکرێن.

**ئەگەر هەر جۆرە تێبینییەکی وات هەیە کە پێت وایە لەوانەیە لە داهاتوودا یارمەتی شایەتانی تر بدات، تکایە دادوەری گشتی/VIA، هەواڵنێری منداڵان یان پارێزەکە ئاگادار بکەوە.**

خزمەتگوزاریی شایەتەکان لەوانەیە داوات لێ بکات تێبینییەکانی خۆت رابگەیێنیت.

# ئەو شتانەی پێویستە لەبیرنەکرێن

هەموو ئەو کەسانەی کە لە هێنانی کەیسەکە بۆ دادگا دەستیان هەیە لەوە ئاگادارن کە لەوانەیە بەرەورووی کاتێکی دژوار بیت. ئەگەر نیگەرانی یان ترسێکت هەیە تکایە ئاگاداریان بکەوە. ئەوان لێرەن بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن.

- ئەگەر هەر جۆرە پرسیارێکت سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم کتێبۆکە یان هەر شتێکی تر هەیە کە بەتەواوی لێت روون نییە، تکایە لەگەڵ ئەو کەسە قسە بکە کە داوای لێکردوویت وەکو شایەتێک لە دادگا ئامادە بیت.
- ئەگەر تا ئێستا بۆ سەردانی دادگا بانگهێشت نەکراویت، تکایە داوا بکە زوو ئەم کارەت بۆ بکرێت.

**گرنگترین ئەرکت وەکو شایەتێک ئەوەیە راستیی ئەو شتەی ئاگات لێیە بە دادگا بڵێی.**

**سوپاس.**

# چه‌ند ناو و ژماره ته‌له‌فۆنی به‌ قازانج

| | |
|---|---|
| ئه‌فسه‌ری پۆلیس: | |
| هه‌والنێری منداڵان: | |
| پارێزه‌ر: | |
| خزمه‌تگوزاریی قوربانیان: | |
| دادوه‌ری گشتی: | |
| زانیاری و ئامۆژگاری بۆ قوربانیان (VIA): | |
| پشتگیری له‌ قوربانیان له‌ سکۆتله‌ندا: | |
| رێکخراوه‌/فه‌رمانگه‌ی تر: | |

# فەرهەنگۆك

**لە دادگادا، خەڵك کەڵك لە زۆر وشە وەردەگرن کە لەوانەیە لەگەڵیاندا ئاشنا نەبیت. ئەمە ریزی هەندێك لەو وشانەیە:**

**تۆمەتبارکراو**

کەسێکە لە دادگا کەدا بە پێشێل کردنی یاسا تاوانبار کراوە.

**جێگری پارێزەر**

پارێزەری دادئەستێنی بۆ نووسینگەی شاهانە کار دەکات و لە دادگای باڵا ئامادە دەبێت – بڕوانە دادوەری گشتی.

**جەخت کردن**

سۆزێکە بۆ گوتنی راستی (بڕوانە سوێند).

**ئیدیعا:**

شتێکە کەسێك دەڵێ رووی داوە.

**تۆمەت**

تاوانێکە کەسی تاوانبارکراو بەهۆییەوە لە دادگایە.

**گوێگرتن لە منداڵ**

بریتییە لە کاتێك پانێلی منداڵان، خێزان، منداڵەکە و خەڵکانی تر کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە نیگەرانییەکانی پێوەندار بە منداڵەکە قسە بکەن کە لە دادگادا سەلمێندراون.

**گوێگرتن لە کەیسی منداڵان لە دادگا**

بریتییە لەو چالاکییە یاساییەی دادگا کاتێك شایەتەکان دەستاوێژی خۆیان بۆ پشتگیری یان لە دژی کەیسی هەواڵنێر رادەگەیێنن کە پێویستە بسلەمێندرێت یان پەسند بکردرێت پێش ئەوەی هیچ گوێگرتنێك لە کەیسی منداڵان ساز بکرێت.

**هەواڵنێری منداڵان یان**

کەسێکە لە دادگایی کەیسەکانی منداڵاندا ئامادە دەبێت وە لە شایەت داوا دەکات تاکو لە دادگادا ئامادە بێت. ئەو لە دادگا پرسیارگەلێك دەکات و لە بەرژەوەندیەکانی منداڵ پشتگیری دەکات بەڵام بە پارێزەری ئەو نازمێردرێت.

**بانگهێشت**

ئەو فۆڕم یان نامە فەرمیەیە کە بە شایەتێك دەڵێت لە رێکەوتێکی دیاریکراودا بچێتە دادگایەکی تایبەت.

**چوون بۆ دادگا**

**كلێرك (ی دادگا)**

ئه‌و كه‌سه‌یه‌ كه‌ وه‌ره‌قه‌ و تۆماره‌كانی دادگا راده‌گرێت.

**كردنی تاوانێك**

وه‌كو پێشێل كردنی یاسا وایه‌.

**گازنده‌**

ئیفاده‌یه‌كه‌ بۆ تاوانباركردنی كه‌سێك به‌ پێشێل كردنی یاسا – ئه‌مه‌ هه‌روه‌ها ده‌توانێ به‌ لگه‌ نامه‌یه‌كی دادگا بێت بۆ شیكردنه‌وه‌ی ئه‌و تاوانه‌ی كه‌ كه‌سی تاوانباركراو به‌ هۆیه‌وه‌ دادگایی ده‌كردرێت.

**دژه‌تاقیكردنه‌وه‌**

بریتییه‌ له‌ پرسیارلێكران له‌لایه‌ن پارێزه‌رانی تره‌وه‌ دوای پرسیارلێكران له‌لایه‌ن ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌وا داوای لێكردوویت وه‌كو شایه‌تێك له‌ دادگا ئاماده‌ بیت – بڕوانه‌ تاقیكردنه‌وه‌ی (سه‌ره‌كی).

**نووسینگه‌ی شاهانه‌**

شوێنی به‌رپرس له‌ هێنانی كه‌یسه‌كان بۆ دادگا – هه‌روه‌ها به‌ دادئه‌ستێنیش ناسراوه‌.

**كه‌یسی دادگا**

دادگایی یان چالاكییه‌كی تاكه‌كه‌سییه‌ له‌ دادگادا.

**فه‌رمانبه‌ری دادگا (جارجار به‌ مه‌یسه‌ر بانگ ده‌كرێت)**

كه‌سێكه‌ سه‌باره‌ت به‌ راپه‌ڕاندنی كاروباری عه‌مه‌لی یارمه‌تی دادوه‌رده‌دات، بۆ نمونه‌ بانگی شایه‌ت ده‌كات بۆ ئه‌وه‌ی بێته‌ نێو دادگا.

**سه‌ردان به‌مه‌به‌ستی ئاشنابوون به‌ دادگا**

سه‌ردانێكه‌ له‌ دادگا پێش ئه‌وه‌ی كه‌یسی دادگا ده‌ست پێ بكا بۆ ئه‌وه‌ی شایه‌ت بتوانێ چاوی به‌ ناوخۆی دادگا بكه‌وێ و زانیاریی زیاتر سه‌باره‌ت به‌ ره‌وته‌كانی دادگا وه‌ربگرێت.

**پارێزه‌ری پاراستن/راوێژكاری پاراستن**

پارێزه‌رێكه‌ نوێنه‌رایه‌تی كه‌سی تاوانباركراو ده‌كا و له‌ دادگا یارمه‌تی ده‌دا.

**ده‌ستاوێژ**

ئه‌و شته‌یه‌ شایه‌تێك له‌ دادگا ده‌یلێت – هه‌روه‌ها ده‌توانێ وێنه‌، جل و به‌رگ یان هێلكارییه‌ك بێت هێنرابنه‌ دادگا بۆ پیشاندانی ئه‌و شته‌ی رووی داوه‌. بڕوانه‌ به‌رهه‌مهێنان.

**چوون بۆ دادگا**

**تاقیکردنه‌وه (ی سه‌ره‌کی)**

پرسیارلێکران له لایه ن ئه‌و پارێزه‌ره‌ی داوای لێکردوویت وه‌کو شایه‌تێك له دادگا ئاماده بیت. ئه‌م پارێزه‌ره پێش هه‌ر پارێزه‌رێکی تر چه‌ند پرسیارێك له شایه‌ت ده‌پرسێت – بڕوانه دژه‌تاقیکردنه‌وه.

**ناسینه‌وه**

بریتییه له کاتێك شایه‌تێك ئاماژه به که‌سێك ده‌کات که له باره‌یه‌وه قسه ده‌کات - ئه‌مه جارجار له پێش ده‌ستپێکردنی که‌یسی دادگا یان له ناو دادگاش روو ده‌دات.

**ئیدیعانامه**

به‌ڵگه‌نامه‌یه‌کی دادگایه له دادگای باڵا یان دادگای شێریف و جووری – ئه‌و تاوانه شی ده‌کاته‌وه که که‌سی تاوانباری راکێشاوه‌ته دادگا.

**دادوه‌ر**

دادوه‌ربه‌رپرسه له کاروباری دادگایی کردن له دادگای باڵا و کۆنترۆڵی هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی به ده‌سته‌وه‌یه که له هۆڵی دادگا به‌ڕێوه ده‌چن – بڕوانه شێریف.

**جووری**

ده‌سته‌ی جووری له پازده ژن و پیاو پێك دێت که گوێ له ده‌ستاوێژه‌کان ده‌گرن و بڕیار ده‌ده‌ن ئایا که‌سی تۆمه‌تبارکراو تاوانباره یان نا.

**سوێند**

سۆزێکی ئایینییه شایه‌ت ده‌ری ده‌بڕێت بۆ ئه‌وه‌ی بڵێت که له کاتی راگه یاندنی ده‌ستاوێژی خۆی به دادگا ته‌نیا راستی ده‌ڵێت – شایه‌ت هه‌روه‌ها ده‌توانێ به‌بێ ئه‌وه‌ی سوێند بخوات سۆز بدات که راستی به دادگا بڵێت (بڕوانه جه‌خت کردن) – ده‌توانی له‌م باره‌یه‌وه پرسیار بکه‌یت.

**دادخوازی**

ئه‌و وه‌ڵامه‌یه که‌سی تۆمه‌تبارکراو له سه‌ره‌تای دادگایی کردنیدا به دادگای ده‌دات کاتێك پرسیاری لێده‌کرێت ئایا خۆی به تاوانبار/بێتاوان ده‌زانێت.

**چاوپێکه‌وتنی سه‌ره‌تایی**

چاوپێکه‌وتنی شایه‌تێکه له‌گه‌ڵ دادوه‌ری گشتی، هه‌واڵنێری منداڵان یان پارێزه‌ری پاراستن بۆ ئه‌وه‌ی سه‌باره‌ت به ده‌ستپێکردنی که‌یسی دادگا خۆی ئاماده بکات.

**دادوه‌ری گشتی**

پارێزه‌رێکه بۆ دادئه‌ستێنی کار ده‌کات – بڕوانه دادگای شاهانه . ناوبراو سه‌باره‌ت به بردنی که‌یسێك بۆ دادگا بڕیار ده‌دات.

**چوون بۆ دادگا**

**دادئه‌ستێنی**

وه‌رگرتنی ئیشه یاساییه‌کان له‌دژی که‌سێك و بردنی که‌یسێك بۆ دادگا – بڕوانه دادوه‌ری گشتی و نووسینگه‌ی شاهانه.

**به‌رهه‌مهێنان**

ئه‌و شتانه‌ن که وه‌کو ده‌ستاوێژ پێشانی دادگا ده‌درێن، وه‌کو نامه یان جل و به‌رگ.

**پارێزگار**

که‌سێکی سه‌ربه‌خۆیه که بۆ چاودێری کردن له به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی منداڵێك ده‌ستنیشان ده‌کرێت.

**حوکم**

بڕیاری دادوه‌ره دوای ئه‌وه‌ی که‌سی تاوانبارکراو به پێشێل کردنی یاسا به تاوانبار ده‌ناسرێت – ئه‌مه ده‌کرێ سزایه‌ك بێت که به که‌سی تاوانبارکراو ده‌درێت.

**شێریف**

ناوی دادوه‌ره له دادگای شێریف.

**یارمه‌تیده‌رانی کۆمه‌ڵایه‌تی (سۆشیاڵ وۆرکر)**

که‌سێکه له‌گه‌ڵ منداڵان و که‌سانی باڵغ کار ده‌کات کاتێك پێویستییان به یارمه‌تی یان چاودێرییه‌کی زیاتر هه‌یه.

**رێ و شوێنه تایبه‌ته‌کان**

چه‌ند رێگه‌یه‌کی جیاوازن بۆ یارمه‌تیدانی شایه‌تێکی منداڵ یان باڵغ که له ژێر مه‌ترسی دایه بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ستاوێژی خۆیان رابگه‌یێنن، بۆ نمونه، له رێگه‌ی پێوه‌ندیی ته‌له‌فزیۆنی یان شاشه – هه‌روه‌ها بڕوانه پشتیوان.

**ئیفاده**

ئه‌و تێبینی یان تۆماره‌یه پۆلیس سه‌باره‌ت به قسه‌کانی شایه‌تێك وه‌ری ده‌گرێت.

**پشتیوان**

که‌سێکه ده‌توانێ له‌گه‌ڵ شایه‌تێك بمێنێته‌وه کاتێك ده‌ستاوێژی خۆی راده‌گه‌یێنیت – بڕوانه رێ و شوێنه تایبه‌ته‌کان.

**دادگایی کردن**

ره‌وته یاساییه‌کانی ناو دادگایه کاتێك شایه‌ته‌کان له که‌یسێکی تاوانبارانه‌دا ده‌ستاوێژی خۆیان راده‌گه‌یێنن.

**حوکمی دادگا**

ئه‌و بڕیاره‌یه له کۆتایی دادگایی کردندا ده‌درێت.

**شایه‌ت**

که‌سێکه له‌وانه‌یه زانیاری سه‌باره‌ت به شتێك هه‌بێت و داوای لێده‌کرێت سه‌باره‌ت به‌م شته له دادگا قسه بکات – بڕوانه 'ده‌ستاوێژ'.

# تێبینییەکانت

ئه م به ڵگه نامه یه به شێوه ی تۆماری ده نگ، چاپی پیتی گه وره و زمانه کانی تریش ده سته به ر کراوه و ده کرێت داوا بکردرێت. تکایه پێوه ندی بکه به 0131 244 2213.

Scottish Government

© مافی له چاپدانه وه ی شاهانه 2006

ئه م به ڵگه نامه یه له ڕێگه ی ماڵپه ری حکوومه تی سکۆتله ندوه ش ده ست ده که وێت:
www.scotland.gov.uk

Astron (Kurdish) B44303 04/06

کۆپیی زیاتری ئه م به ڵگه نامه یه له م ناونیشانه ده ست ده که وێت
Blackwell's Bookshop
53 South Bridge
Edinburgh
EH1 1YS

داواکردن به ته له فۆن و پرسیار
0131 622 8283 یان 0131 622 8258

داواکردن له ڕێگه ی فاکس
0131 557 8149

داواکردن له ڕێگه ی ئیمێل
business.edinburgh@blackwell.co.uk